# سوبێکتیڤیتە و هەقیقەت

میشێل فوکۆ
**وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد**

بەشی دووەم (٢-٢)



١٤ی حوزەیران ٢٠٢٢ گوتار

باش دەزانین کە ئامانجی سەرەکیی قوتابخانە فەلسەفییەکانی یۆنان ئەمە نەبوو کە تیۆرییەک پێک بهێنن، ڕێک بخەن و فێر بکەن. ئامانجی قوتابخانە فەلسەفییەکانی یۆنان گۆڕانی تاک بوو. ئامانجی فەلسەفەی یۆنان ئەمە بوو کە ئەم توانایییە بە تاک بدات کە

جیاوازتر، باشتر و بەختەوەرانەتر لە ئەوانیتر ژیان بکات[1]. شوێنی خود-تاقیکردنەوە و دانپێدانان لەم پرسەدا چی بوو؟ لە نیگای یەکەمدا، لە تەواوی کرداره فەلسەفییەکانی سەردەمی کۆندا، ئەرکی گوتنی هەقیقەت دەربارەی خود شوێنێکی سنووردار داگیر دەکات. و ئەمەش دوو هۆکاری هەیە، کە هەریەکە لەم هۆکارانە لە سەرتاسەری سەردەمی کۆنی یۆنان و هیلینیستیدا هێشتا وەک هۆکاری بەهادار مانەوە. یەکەمین هۆکار ئەمەیە کە ئامانجی فێرکردن و ڕاهێنانی فەلسەفی ئەمە بوو کە تاک تەیار بکات بە ژمارەیەک ڕێسا، ڕێساگەلێک کە توانایی و ڕێگە بە تاک دەدەن کە لە تەواوی هەلومەرجەکانی ژیاندا خۆی ڕێنمایی بکات بەبێ ئەوەی کە سەروەری بەسەر خوددا لە دەست بدات، یا بەبێ ئەوەی کە ئاسوودەیی ڕۆح، پاکێتیی جەستە و ڕۆح لە دەست بدات. گرنگیی گوتاری مامۆستا لەم پرەنسیپەوە سەرچاوە دەگرێت. گوتاری مامۆستا دەبێت بڵێت، قەناعەت پێ بکات، ناچار بکات و ڕوون بکاتەوە؛ مامۆستا دەبێت کۆدە گەردوونییەکان بۆ تەواوی تەمەن ببەخشێت بە قوتابی، و بەم شێوەیە، بەزمانهێنان لە ئەستۆی مامۆستایە نەک لە ئەستۆی قوتابی[2].

دووەمین هۆکاری ئەمەی کە بۆچی ئەرکی دانپێدانان گرنگییەکی کەمی هەیە لە ڕێنماییی ویژدانی کلاسیکیدا یا لە ویژدان لە سەردەمی کۆندا، ئەمەیە کە پەیوەندی لەگەڵ مامۆستا

---

[1]. ڕەنگە مەبەستی فوکۆ لێرەدا توێژینەوەکانی پییەر ئادۆ بێت کە بە باوەڕی ئەو فەلسەفەی کۆن بەر لە هەر شتێک یەک ڕێگەیژیانکردن بوو، ڕێگەیەک کە ئامانجەکەی نەک پێکهاتەیەکی تیۆرتیکی بەڵکە گۆڕان و شکۆفەکردنی شێوازی بوونی تاکگەلێک بوو کە ئەم فەلسەفەیەیان بەکار دەخست. بگەڕێنەوە بۆ:

, *Annuaire de la Vème section de l'école pratique des hautes* »Exercices spirituels«P. Hadot, *études*. Vol. 84, 1977, p. 25-70; repris dans *Exercices spirituels et philosophie antique*, paris, Albin Michel, 2002, p. 19-74.

[2]. فوکۆ لە وانەوتاری ***هێرمنۆتیکی سوژە***دا و بە وردیی لەم زەمینەیەدا، لەم پرسیارە قووڵ دەبێتەوە تا تایبەتمەندییەکانی گوتاری مامۆستا لە کردارە کۆنەکانی ڕێنماییدا وەسف بکات. ئەو گریمانەی *parrêsia* دەخاتە ڕوو: «*parrêsia* لە ڕاستیدا وەڵامی مامۆستایە بۆ ئەرکی قوتابی بە بێدەنگبوون. درووست وەک چۆن کە قوتابی دەبێت بێدەنگ بێت تا بوون بە سوژە لە گوتاریدا بکاتە کردەیی، مامۆستاش دواجار ئەگەر دەیەوێت ئەو شتەی دەربارەی هەقیقەت دەیڵێت لە کۆتایی کردە و ڕێنماییدا بگۆڕێت بۆ گوتاری ڕاستەقینە و سوبێکتیڤی قوتابی، دەبێت گوتارێک بگرێتە بەر کە پەیڕەوی لە پرەنسیپی *parrêsia* بکات.» بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 348 و هەروەها DE II, n349, p. 1477-1478.

مەرجدار بوو، یا لە هەموو حاڵەتێکدا کاتی بوو. ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەک بوو لەنێوان دوو ویستدا، پەیوەندییەک کە پێویستی بە یەک گوێڕایەڵیی کامڵ یا گوێڕایەڵیی کاربڕ نەبوو. پەنابردن یا پەسەندکردنی ڕاسپاردەی یەک مامۆستا یا یەک هاوڕێ بۆ ئەمە بوو کە بتوانین بەرگەی یەک تاقیکردنەوە، یەک ماتەمینی و پرسە، یەک تاراوگە، یەک شکست، یەک مەحروومییەت و هتد بگرین. یا بە دەربڕینێکی تر، ئامانج لە جێگرتن لەژێر ڕێنماییی مامۆستادا بۆ کاتێکی دیاریکراو بوو یا بۆ قۆناغێکی دیاریکراو کە تاک بتوانێت ڕۆژێک بە سەربەخۆیی ڕەفتار بکات و ئیتر پێویستی بە ڕاسپاردە و ئامۆژگاری نەبێت. ئامانج لە ڕێنمایی لە سەردەمی کۆندا سەربەخۆییی ئەو کەسە بوو کە ڕێنمایی دەکرا. [[ڕێنماییی کۆن بە ئاڕاستەی سەربەخۆییی ڕێنماییکراو کار دەکات]]. بەم شێوەیە، دەتوانین تێبگەین کە زەروورەتێک بۆ هەڵکۆڵین یا پشکنینی قووڵ و گشتگیر لە قووڵاییەکانی تاکدا بوونی نەبوو: پێویستی نەدەکرد کە هەموو شتێک دەربارەی خۆت بڵێیت، بچووکترین نهێنییەکانت ئاشکرا بکەیت، بە شێوەیەک کە مامۆستا بتوانێت یەک دەسەڵاتی کامڵ بەسەر تۆدا پیادە بکات. نواندنەوەی گشتگیر و بەردەوامی خود لەژێر چاوە گشتبینەکانی یەک ڕێنماییکاردا پێویست نەبوو. تایبەتمەندیی بنەڕەتیی ئەم تەکنیکەی ڕێنمایی هەر ئەمەیە[3].

بەڵام، سەرەڕای ئەم ئاڕاستەگیرییە گشتییە کە زۆر کەم جەخت لەسەر خود-هەڵکۆڵین و دانپێدانان دەکات، بەر لە مەسیحییەت تەکنیکگەلێک دەدۆزینەوە کە پێشوەخت بۆ دۆزینەوە و دەربڕینی هەقیقەت دەربارەی خود ڕەنگڕێژ و ڕێک خرابوون. و ڕۆڵی ئەم تەکنیکانە، وا دەردەکەوێت، زیاتر و زیاتر گرنگی وەردەگرێت. گرنگیی ڕوو لە زیادی ئەم تەکنیکانە

[3]. فوکۆ لە وانەی 22ـی شوباتی 1978 لە وانەوتاری ***ئاسایش، قەڵەمڕەو، جەماوە***ردا (STP, p. 184-186) و لە وانەی 12 و 19ـی مارسی 1980 لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان*** (GV, p. 224-230 et 260-265)، بە وردەکارییەکی زیاترەوە تایبەتمەندییەکانی ڕێنماییی ویژدان لە سەردەمی کۆندا بە بەراورد بە تایبەتمەندییەکانی ڕێنمایی مەسیحی شیکار دەکات. ئەو ئەم تێگەیە لە کاتژمێری دووەمی وانەکانی سێیەم و دەیەمی مارسی 1982 لە وانەوتاری ***هێرمنۆتیکی سوژە***دا، دووبارە دەخاتە ڕوو (HS, p. 345-348 et 390-391).

بێگومان پەیوەستە بە گەشەی ژیانی دەستەجەمعی[4]یەوە لە قوتابخانە فەلسەفییەکانی \ فیتاگۆرسییەکان[5] یا ئەپیکۆرییەکان[6]، و هەروەها پەیوەستە بەو بەهایەوە کە لە قوتابخانە ئەپیکۆرییەکان یا ڕەواقییەکاندا دەیانبەخشی بە مۆدێلی پزیشکی[7].

لەبەر ئەوەی کە لەم جۆرە ماوە کورتەدا ڕەخساو نییە کە تەنانەت نەخشەیەکی گشتیی ئەم گۆڕانکارییە لە شارستانییەتی یۆنان و هیلینیستیدا پێشکەش بکەم، تەنها دوو بڕگەی سێنیکا،

4. communal life

5. Pytagoreans؛ قوتابخانەی فیتاگۆرسییەکان لەلایەن فیتاگۆرسەوە (507-582) پ. ز. دامەزراوە. هەندێک لە مێژوونووسەکانی فەلسەفە لەو باوەڕەدان کە قوتابخانەی فیتاگۆرسی یەکەمجار بە هیچ شێوەیەک قوتابخانەیەکی فەلسەفی نەبوو، بەڵکە لە ڕاستیدا ئەنجومەنێکی ئەخلاقی و ئایینی یا ئەنجومەنی ڕیفۆرمخوازانی ئایینی بوو. فیتاگۆرسییەکان پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ کۆمەڵەی ئۆرفیوسیدا هەبوو، و لەم کۆمەڵەوە باوەڕبوون بە «دۆنادۆنی ڕۆح (تناسخ ارواح)»یان وەرگرت. کۆمەڵەی ئۆرفیوسی باوەڕیان وابوو کە ڕزگاربوون لە جەبری ژیان دەبێت لە ڕێگەی ڕێوڕەسمی سرووتە ئایینییەکانەوە بە دەست بهێنرێت. فیتاگۆرسییەکان ئەم جۆرە ڕێوڕەسمە ئایینیانەیان هەبوو، بەڵام، بە باوەڕی ئەوان، مرۆڤ بۆ ئەوەی ڕزگاری بە دەست بهێنێت دەبێت کۆمەک لە توێژینەوەی زانستی، پەروەردەکردنی خود و تێڕامانی فەلسەفی وەربگرێت. لە دیدی فیتاگۆسییەکاندا، جەستە، زیندان و «ئارامگا»ی نەفس/ڕۆحە، بەڵام مرۆڤ نابێت لە ڕێگەی خۆکوشتنەوە دەستی بگاتە ڕزگاری، چون «مرۆڤ موڵکی خودایە». بە باوەڕی ئەم فەیلەسوفانە، جیهان لە سەرەتادا پێکهاتەیەکی شێواوی هەبووە، کە ئەوان بە خائۆس [khaos] ناویان دەبرد. خائۆس هەوێنێکی دیارینەکراو، شێواو و ناڕێکە، بەڵام لە جووڵەی خۆیدا ڕووەو کاملبوون و پەرەسەندن، دەگۆڕێت بۆ کۆسمۆس [kosmos]. وشەی کۆسمۆس ئاماژەیە بە گونجاوبوون، هەماهەنگی، ڕیزبەندی، جوانی، ڕێکی و هتد. کۆسمۆس واتە جیهانێکی دیاریکراو کە دەگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپی یەکێتی. لە مێژووی فەلسەفەدا، فیتاگۆرسییەکان یەکەمین کەسانێک بوون کە ئەم دوو وشەیان بۆ وەسفکردنی جیهان بەکار هێنا. (و. کوردی)

6. Epicureans؛ قوتابخانەی ئەپیکۆرییەکان، ئەپیکۆر (341-280) پ. ز. لە ساڵی 306 پ. ز. دایمەزراندووە. ئەو قوتابخانەکەی یەک ساڵ بەر لە قوتابخانەی ڕەواقی دامەزراند. قوتابخانەی ئەپیکۆر زیاتر لە شەش سەدە بەردەوام بوو. ئەپیکۆر هەر زوو ئاشنا دەبێت بە فەلسەفەی ئەتۆمیزمی دیمۆکریتس و ئەم ئاشنابوونەش کاریگەری دەخاتە سەر فەلسەفە و بیرکردنەوەی. قوتابخانەی ئەپیکۆری فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی لۆجیک دەکاتە پاشکۆی فەلسەفەی ئەخلاق. ئەڵبەتە سوبێکتیڤیتەی توند یەکێکە لە خەسڵەت و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی قوتابخانە فەلسەفییە پاش-ئەرستۆیییەکان، بە دەربڕینێک، هەموو هەرێمەکانی ئەندێشە دەبنە پاشکۆی هەرێمی ئەخلاقی خود. هەر لەبەر ئەمەیە کە فوکۆ لەم وتارانەدا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە پاش-ئەرستۆیییەکان. بە باوەڕی ئەپیکۆ- (ئەم گرفتە، واتە وابەستەبوون و وابەستەنەبوون بۆ فوکۆ گرنگە)- مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری نابێت وابەستە بێت بە پرسە دەرەکییەکانەوە؛ مرۆڤ دەبێت لە خودی خۆیدا بۆ بەختەوەری بگەڕێت. مرۆڤی عەقڵمەند تەنانەت لە ئازار و ئەشکەنجەی جەستەییدا دەتوانێت بەختەوەر بێت، چون لە ئارامیی ناوەکیی ڕۆحی خۆیدا خاوەنی بەختەوەرییەکە کە لەپێشتر و گرنگترە لە هەر ئازارێکی جەستەیی. لەگەڵ ئەمەشدا، چێژە جەستەییەکان نە قەدەغە دەکرێن و نە بە کەم تەماشا دەکرێن. مرۆڤی ژیر لە هەموو شتێک چێژ دەبات. لە نێوان هەموو چێژە عەقڵانییەکاندا، ئەپیکۆرییەکان، زۆرترین جەخت لەسەر «هاوڕێیەتی» دەکەنەوە. بۆ ئەپیکۆرییەکان، قوتابخانە، تەنها یەک جڤاکی فەیلەسوفە هاودەنگەکان نەبوو، بەڵکە بە پلەی یەکەم، یەک «کۆمەڵگەی هاوڕێیان» بوو. (و. کوردی)

7. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ئەم خاڵانە، بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 94-96 et 131-133. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ: F. Gros, dans HS, p. 141, n18.

فەیلەسوفی ڕۆمی، دەگوازمەوە. دەتوانرێت ئەم دوو بڕگەیە بە بەڵگەگەلێکی باش دابنرێن بۆ کرداری خود–تاقیکردنەوەو دانپێدانان بەو جۆرەی کە لە فیکری ڕەواقییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریدا لە کاتی لەدایکبوونی مەسیحییەتدا بوونی هەبوو[8]. یەکەمین بڕگە لە کتێبی ***تووڕەیی***[*De Ira*]سێنیکادا هەیە. ئەم بڕگەیە دەخوێنمەوە بۆ ئێوە.

«ئایا شتێکی جوانتر لەم ڕەفتارە هەیە کە تەواوی ڕۆژ خۆت بپشکنیت؟ چ خەوێک باشترە لەو خەوەی کە بەدوای ئەم خود–هەڵکۆڵینەدا دێت؟ و ڕۆح چەندە ئاسوودە، ئارام، قووڵ و ئازاد دەبێت کاتێک کە ستایش یا سەرزەنشت دەکرێت، کاتێک کە دەبێتە پاسەوان و پشکنەری خۆی، کاتێک دەبێتە سەرزەنشتکاری خووەکانی خۆی، و کاتێک بە نهێنییەوە دادگاییی ڕەفتاری خۆی دەکات. من ئەم دەسەڵاتە دادوەرییە ڕۆژانە پیادە دەکەم، هەموو

---

[8]. فوکۆ چەندین جار توێژینەوەی لەسەر کرداری دێرینی تاقیکردنەوەی خود یا خود-هەڵکۆڵین (و هەڵکۆڵینی ویژدان) ئەنجام داوە. ئەو لە وانەی 12ـی مارسی 1980 لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان***، پاش وردەکارییەکی زۆر دەربارەی کرداری ڕێنماییی ویژدان لە سەردەمی کۆندا و جیاوازییەکانی لەگەڵ ڕێنمایی ویژدان لە مەسیحییەتدا، دەپەرژێتە سەر تێگەی هەڵکۆڵینی یۆنانی-ڕۆمیی ویژدان وەک «بڕگەی بنچینەیی و بنەڕەتی» لە تەکنیکە دێرینەکانی ڕێنماییدا؛ و ئەم تێگەیە لە ئەندێشەی فیساگۆرسییەکان و ڕەواقییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمدا (سێنیکا و ئەپیکتەتۆس) توێژینەوە دەکات. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 23. لە بەرامبەردا، لە وانەی 29ـی نیسانی 1981 لە وانەوتاری لۆوڤەین، ڕێکیی ئەم توێژینەوەیە بە پێچەوانەیە: فوکۆ ڕاستەوخۆ گرفتی «هەقیقەت گوتن دەربارەی خود لە سەردەمی دێرینی بتپەرستیدا» دەخاتە ڕوو، و ئەم گرفتە لە ناخی کردارە ئایینییە جەماوەرییەکان و لە ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان و هەروەها لە ئەندێشەی فیساگۆرسییەکان و سێنیکادا شیکار دەکات. و تەنها دوای ئەم شیکارییەیە کە تێگەی «دانپێدانان بۆ ئەویتر» دەهێنێتە پێشەوە. بگەڕێنەوە بۆ: MFDV, p. 91-97. لە کاتژمێر دووەمی وانەی 24ـی مارسی 1982، بەستێنی ئەم باسە دووبارە جیاوازە، و پاش تێڕامانی سەرەتایی لەسەر شەڕانگێزییەکان و تێڕامان لەسەر مەرگ، هەڵکۆڵینی دێرینی ویژدان وەک یەکێک لە «تاقیکردنەوەکانی خود وەک سوژەی هەقیقەت» توێژینەوە دەکرێت. لێرەدا فوکۆ بەر لە هەموو شتێک پشت بە هەڵکۆڵینی فیساگۆرسی و دواتر پشت بە هەڵکۆڵینی سپێدەدەمیی لە ئەندێشەی مارکۆس ئۆرلیۆس و دواجار بە هەڵکۆڵینی شەوانەیی لە ئەندێشەی سێنیکا و ئەپیکتەتۆسدا دەبەستێت. بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 444-445, 460-465. دواتر فوکۆ لە سیمینارێکدا لە زانکۆی ڤێرمۆنت [بە ناونیشانی «تەکنیکەکانی خود»]، هەڵکۆڵینی ڕەواقیی ویژدان لەناو تێڕامانێک لەسەر «کولتووری بێدەنگی» و «هونەری بیستن» لە سەردەمی ئیمپراتۆریی [ڕۆمدا] دەخاتە ڕوو [بگەڕێنەوە بۆ: «تەکنیکەکانی خود» لە: م. فوکۆ، ***شانۆی فەلسەفە***، ل. 525-532]، لە کاتێکدا کە لە وتارێکی 1983دایە کە زیاتر لەژێر ڕۆشنایی پرسیاری نووسراو وەک ڕاهێنان و هونەری خود کە تێگەی هەڵکۆڵینی ویژدان، بە تایبەت لە ئەندێشەی سێنیکا و مارکۆس ئۆرلیۆسدا، دەخاتە ڕوو: «وا دەردەکەوێت [...] لە یەک پەیوەندیی نامە گۆڕینەوەدا– و دواجار بۆ دەرخستنی خود لە بەردەم نیگای ئەوی تردایە– کە هەڵکۆڵینی ویژدان وەک چیرۆکێکی نووسراوی خود شێوەبەندی کراوە.» بگەڕێنەوە بۆ: میشێل فوکۆ، «نووسراوی خود» لە DE II, n329, p. 1247-1249. دواجار، بۆ باسێک دەربارەی هەڵکۆڵینی ویژدان لە زەمینەی «پەروەردەکردنی خود»دا، بگەڕێنەوە بۆ: SS, p. 65-66, 77-79.

ڕۆژێک خۆم وەک شایەت لە بەرامبەر خۆمدا دادەنێم، و پاڵنەر و ئەنگێزەم دادگایی دەکەم. کاتێک کە چراکەم کز دەکرێت و هاوسەرەکەم، کە بە خووەکانی من ئاشنایە، بێدەنگ دەبێت، و من تەواوی ڕۆژەکەم دەپشکنم و کردە و گوتەکانم تاقی دەکەمەوە و هەڵدەکۆڵم؛ هیچ شتێک لە خۆم ناشارمەوە؛ لە هیچ شتێکی خۆم نابەخشم. بۆچی دەبێت لە کاریگەریی یەکێک لە هەڵەکانم بترسم، لە کاتێکدا کە دەتوانم بڵێم: "ئاگادار بە ئەم هەڵەیە دووبارە نەکەیتەوە؛ بەڵام ئەمڕۆ دەتبەخشم. تۆ لە گفتوگۆیەکی دیاریکراودا زۆر شەڕانگێزانە قسەت کرد [...]، تۆ زیاتر لەوەی کە پێویستە سەرزەنشتت کرد. بەڵام ئەو کەسەت ڕاست نەکردەوە، بەڵکە ڕەنجاندت، سەرکۆنەت کرد...» و هتد.

لە فیکری ڕواقییەکان[9]ی وەک سێنیکا، و هەروەها سکستیوس[10]، ئەپیکتەتۆس[11]، مارکۆس ئۆرلیۆس[12] و ئەوانی تردا، کە گرنگییەکی زۆر بۆ هەڵکۆڵین و تاقیکردنەوەی ویژدان

---

9. Stoics؛ زینۆن [Zeno] (336-264) پ. ز، خەڵکی قوبرس، دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕەواقییە. ئەو لە ئەسینا، لەژێر دەستی کراتس [Crates]ی سەگڕەفتار، ستیلپۆ [Stilpo]ی مەگاری و پۆلیمۆ [Polemo]ی ئەندامانی ئەکادیمی، وانەی فەلسەفەی خوێند. دوای ئەوەی زینۆن خۆی دەکوژێت، کلیانتیس [Cleanthes] و خرۆسیپۆس [Chrysippus] وەک ڕابەری قوتابخانەی ڕەواقی، شوێنی ئەو دەگرنەوە. خرۆسیپۆس فێرخوازێکی کۆڵنەدەر و مرۆڤێکی پڕکار بوو؛ وەک هەندێک مێژوونووسی فەلسەفە دەڵێن، زیاتر لە حەوت سەد کتێبی نووسیوە بەڵام هەموویان لەناو چوون. خرۆسیپۆس ئەگەر چی دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕەواقی نییە، بەڵام بە یەکێک لە ئەستوونگە سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت. قوتابخانەی ڕەواقی هەواداری زۆری بۆ خۆی ڕاکێشا و بۆ ماوەی چەندین سەدە نەک تەنها لە یۆنان، بەڵکە لە ڕۆما گرنگی زۆری پێ درا، شوێنێک کە بیرمەندترین نووسەری وەک مارکۆس ئۆرلیۆس، سێنیکا و ئەپیکتەتۆس لە پەیڕەوکارانی ئەم قوتابخانەیە بوون. قوتابخانەی ڕەواقی لە بنچینەدا یەک سیستەمی ئەخلاقییە کە لەگەڵ ئەمەشدا بە هۆی لۆجیکەوە وەک تیۆریی میتۆد، بەرەو پێش دەچێت و لەسەر فەلسەفەی سروشت وەک بنەڕەت دامەزراوە. تیۆریی ئەخلاقیی ڕەواقییەکان لەسەر دوو پرەنسیپ وەستاوە: یەکەم، جیهان بە یاسایەکی ڕەها بەڕێوە دەچێت کە هیچ حاڵەتێکی ڕیزپەڕ قبووڵ ناکات؛ و دووەم، سرووشتی جەوهەریی مرۆڤ، عەقڵە. ئەم دوو پرەنسیپە لە ڕێسای ئەخلاقیی ناوداری ڕەواقییەکاندا کورت کراوەتەوە: «بەپێی سرووشت ژیان بژی.» بە باوەڕی ڕەواقییەکان، فەزیلەت، ژیانکردنە بەپێی عەقڵ؛ ئەخلاق، تاکە کردەیەکی عەقڵانییە. بەختەوەری تەنها لە فەزیلەتدایە. مرۆڤ نەک لەبەر چێژ، بەڵکە لەبەر ئەرک دەبێت فەزیلەتمەند بێت. ڕەنگە شایستەی ڕەواقییەکان لەوەدا بێت کە لە سەردەمی وێرانبووندا، پابەند بوون بە ئەندێشەی ئەخلاقییەوە. (و. کوردی)

10. مەبەست لە کۆینتوس سکستیوس[Quintus Sextius]ی باوکە، فەیلەسوفی ڕۆمیی سەدەی یەکەمی بەر لە زایین کە باوەڕێکی فیساگۆرسیی نوێ و ڕەواقی هەبوو، سێنیکا لێرەدا قسە لەسەر کۆینتوس دەکات. پاپیریۆس فابیانوس و سوتیون پەیڕەوکارەکانی سکستیوسن و سێنیکا لە سەردەمی لاویدا لەم دووانەوە فێر بووە. لە: De Ira, III, 36, I, op. cit., p. 102

11. Epictetus؛ فەسلەسوفی یۆنانیی سەدەی یەکەم و سەرەتای سەدەی دووەمی زایینی، و یەکێک لە نوێنەرەکانی ئەخلاقی ڕەواقی، هەر لەبەر ئەمەیە بە فەیلەسوفی ڕەواقی ناسراوە. ئەپیکتەتۆس بەشێک لە ژیانی خۆی وەک کۆیلە لە دەربارەی ئیمپراتۆر نیرۆندا بەسەر بردووە. و هەروەها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لای مۆسۆنیۆس ڕوفۆس، فەیلەسوف و سیناتۆری ڕۆمی کە لە شاری ڕۆح وانەی دەوتەوە، خوێندوویەتی. ئەپیکتەتۆس دوای ئەوەی کە ئازاد دەبێت، خۆی دەست دەکات بە وانە وتنەوە و پاشان قوتابخانەی تایبەت بە خۆی لە شاری نیکۆپۆلیس دادەمەزرێنێت و تا کۆتایی تەمەنی، نزیک بە ساڵی 135ز، سەرقاڵی فێرکردن و وانە وتنەوە دەبێت لە قوتابخانەکەیدا. کەڵکەڵەی بنچینەیی ئەپیکتەتۆس لە ئەخلاقی ڕەواقییانەی خۆیدا بریتییە لە: شەرافەتمەندی، باڵادەستبوون یا سەروەری بەسەر خوددا و ئازادیی کەسی. (و. کوردی)

12. M. Aurelius؛ ئۆرلیۆس ئیمپراتۆر و فەیلەسوفی ڕەواقی بوو، ئەو لە ساڵی 121ز لەدایک بوو و لە 161ز بووە ئیمپراتۆر و تا کۆتایی تەمەنی واتە 180ز حوکمڕانی کرد. ئەو کتێبەی کە ناوبانگی پێ بەخشی، کتێبی ***تێڕامانەکان*** بوو؛ جگە لەمەش هەندێک لە نامە تایبەتەکانی، بە تایبەت بۆ مامۆستاکەی و بۆ هاوڕێ دێرینەکەی فرۆنتۆن، ماونەتەوە. ئۆلیۆس، لە ***تێڕامانەکان***دا، ستایشی ڕوستیکۆس، ئامامۆستا و هاوڕێ ڕەواقییکەی، دەکات بەوەی کە هانی داوە نووسراوەکانی ئەپیکتەتۆسی فەیلەسوف بخوێنێتەوە. و لە نامەیەکیدا بۆ فرۆنتۆن، کە لە نێوان ساڵانی 145 و 147 نووسراوە، دەڵێت کە نووسراوێکی ئاریستۆ [Aresto]ی ڕەواقی خوێندووتەوە و شادییەکی قووڵی لە فێرکارییەکانی ئەو دەست کەوتووە. جگە لە ئەپیکتەتۆس و ئەپیکۆ، ئۆرلیۆس نووسراوەکانی هەریەک لە ئانتیستنس، خروسیپوس، دیمۆکریتس، ئۆرپیدس، هۆمیرۆس، ئەفلاتونی خوێندووەتەوە. (و. کوردی)

دادەنێن، شتێکی دژیەک و پارادۆکسیکاڵ بوونی هەیە، لە کاتێکدا کە بەپێی زاراوە و چوارچێوەی دۆکترینەکانیان، تەواوی هەڵەکان بە یەکسانی گریمانە دەکرێن[13]. کەواتە، پشکنینی خود دەربارەی یەک بە یەکی هەڵەکان نابێت زەرووری بێت.

بەڵام، با کەمێک وردتر تەماشای ئەم دەقە بکەین. یەکەم، سێنیکا زمانێک بەکار دەهێنێت کە لە نیگای یەکەمدا، بەر لە هەر شتێک، وشەسازی و زمانی دادوەرییە. سێنیکا سوود لە دەربڕینگەلێک وەردەگرێت چەشنی *cognoscere de moribus suis* [ئاگادار بە لە ڕەفتارەکان] و *causam meam dico* [پاڵنەرم دەڵێم]– هەموو ئەم دەربڕینانە لە ڕووی جۆرییەوە دەربڕینی دادوەرانەن. کەواتە، وادەردەکەوێت کە سوژە لە ئاست خۆیدا، هەم دادوەرە هەم تاوانبار. لەم هەڵکۆڵینی ویژداندا وا دەردەکەوێت کە سوژە خۆی دابەش دەکات بۆ دوو بەش، و شانۆیەکی دادوەری ڕێک دەخات کە تێیدا هاوکات دوو ڕۆڵ دەگێڕێت. سێنیکا چەشنی ئەو تاوانبارەیە کە لە بەرامبەر دادوەردا دان بە تاوانەکەیدا دەنێت، و دادوەر خودی سێنیکایە. بەڵام، ئەگەر وردتر نیگا بکەین، دەبینین کە ئەو زمانەی کە سێنیکا بەکاری هێناوە زۆر زیاتر کارگێڕانە[14]یە تا دادوەرانە[15]. ئەم زمانە زمانی کارگێڕیی شتومەکە گوازراوە و نەگوازراوەکانە یا زمانی قەڵەمڕەوی کارگێڕییە. بۆ نموونە، سێنیکا دەڵێت *speculatuor sui*، واتە ئەو خۆی دەپشکنێت؛ واتە تەواوی ئەو ڕۆژەی کە بەسەری بردووە لەگەڵ خۆیدا ڕووماڵ دەکات، و *totum diem meum scrutor*، واتە گوتە و کردەکانی هەڵدەسەنگێنێت؛ ئەو وشەی *remetior* [ڕووماڵکردن، چاوپێداخشانەوە، بەبیردا هێنانەوە] بەکار دەهێنێت. سێنیکا لە ئاست خۆیدا، ئەو دادوەرە نییە کە دەبێت سزا بدات؛ بەڵکە ئەو بەڕێوەبەرەیە کە لە کاتی ئەنجامدانی کاردا یا تەواوبوونی کاری ساڵانەدا، شتومەکەکان دەخاتە کۆگاوە و

---

13. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم بارەوە بگەڕێنەوە بۆ: MFDV, p. 94.

14. administrative

15. judicial

پەیجۆری ئەوە دەکات کە ئایا هەموو شتێک بە درووستی ئەنجام دراوە یا نا. سێنیکا زیاتر بەڕێوەبری هەمیشەیی خۆیەتی تا یەک دادوەری ڕابردووی.

جۆری ئەو هەڵانەی کە سێنیکا ئەنجامیان دەدات و ئەو سەرزەنشتەی کە لە ئاست خۆیدا دەیکات لەم دیدگایەدا زۆر گرنگن. بۆ نموونە، ئەو خۆی سەرزەنشت دەکات، لەبەر ئەوەی کە ڕەخنەی لە کەسێک گرتووە و ئازاری داوە، لەجیاتیی ئەوەی کە ڕاستی بکاتەوە ئازاری داوە؛ یا دووبارە، ئەو دەڵێت گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکیدا کردووە کە لە هەموو حاڵەتێکدا ناتوانن لە ئەو تێبگەن. ئەم هەڵانە، وەک خۆی دەڵێت، بە ڕاستی هەڵە نین؛ بەڵکە چەوتین و بۆچی چەوتین؟ یا لەبەر ئەوەی کە ئەو ئاگادار نەبووە لەو ئامانجانەی کە دانا[16] دەبێت بۆ خۆی دیارییان بکات یا لەبەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی دروست ڕێساکانی ڕەفتاری جێبەجێ نەکردووە کە دەبێت لەو ئامانجانەوە هەڵبهێنجرێن. هەڵەکان لەم مانایەدا چەوتین کە سازگارییەکی دروستیان لەنێوان ئامانجەکان و ئامرازەکاندا دانەمەزراندووە. هەروەها ئەم ڕاستییە زۆر گرنگە کە ئامانجی سێنیکا لە بیرهێنانەوەی هەڵەکانیدا نەک سزادان و تەمبێکردنی خۆی، بەڵکە تەنها بیرهێنانەوەی ڕێساگەلێکە کە دەبێت بەکاریان بهێنێت. ئامانج لەم بیرهێنانەوەیە چالاککردنەوەی پرەنسیپە بنەڕەتییە فەلسەفییەکان و ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئەم ڕێسایانەیە. لە دانپێدانانی مەسیحیدا تەوبەکار دەبێت یاسا بەبیر بهێنێتەوە بۆ ئەوەی کە گوناهەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام لە ڕاهێنانی ڕەواقیدا و لە هەڵکۆڵینی سێنیکایی خوددا، دانا دەبێت کردەکانی بەبیر بهێنێتەوە تەنها بۆ ئەوەی کە ڕێسا بنەڕەتییەکان چالاک بکاتەوە.

کەواتە، دەتوانین ئەم هەڵکۆڵین و تاقیکردنەوەیە لە چەند وشەیەکدا وەسف بکەین. 1) مەبەست لەم هەڵکۆڵین، ئەزموون و تاقیکردنەوەیە بە هیچ شێوەیەک دۆزینەوەی هەقیقەتی

---

[16]. sage:حکیم

شاراوە نییە لە سوژەدا، بەڵکە بیرهێنانەوەی هەقیقەتێکە کە سوژە لەبیری کردووە. 2) ئەو شتەی کە سوژە لەبیری دەکات نە خۆی، نە سروشتی، نە ئاخێزگەکەی و نە نزیکییەک لە مەلەکوتەوە، بەڵکە ئەوەی کە سوژە لەبیری دەکات شتێکە کە بڕیار بوو ئەنجامی بدات، واتە کۆمەڵەیەک ڕێسای ڕەفتار کە فێریان بووە. 3) بیرهێنانەوەی هەڵە ئەنجامدراوەکان بە درێژاییی ڕۆژ سوود بەو مەودایە دەبەخشێت کە ئەو شتەی ئەنجام دراوە جیا دەکاتەوە لەو شتەی کە پێویست بوو ئەنجام بدرێت. و 4) ئەو سوژەیەی کە هەڵکۆڵین بەسەر خۆیدا ئەنجام دەدات پانتایی ڕاهێنانی پرۆسەیەکی کەم تا زۆر ناڕوون نییە کە دەبێت ڕەمزشکێنی بکرێت. ئەم سوژەیە یەک پنتە کە تێیدا ڕێساکانی ڕەفتار کۆ دەبنەوە و لە فۆرمی بیرەوەرییەکان خۆیان لەم پنتەدا تۆمار دەکەن. لە هەمان کاتدا ئەم سوژەیە پنتی دەستپێکی کردەکانە، کردەگەلێکی کەم تا زۆر هاودەق بەم ڕێسایانە. سوژە پنتی یەکتربڕینی نێوان کۆمەڵێک بیرەوەری کە دەبێت بهێنرێنەوە بۆ ئێستا[17] و کۆمەڵێک کردە کە دەبێت ڕێسادار بکرێن پێک دەهێنێت.

شوێنی لۆجیکیی ئەم هەڵکۆڵینی شەوانە دەکەوێتە ناو کۆمەڵەیەکی ڕاهێنانە ڕەواقییەکان [[کە هەموویان یەک ڕێگەن بۆ ئەوەی کە کۆدی کردەکان و پەرچەکردارەکان[18] لە یەک هەڵوێست[19]ی چەسپاودا ئاوێتە ببن، جا هەر دۆخێک ڕوو بدات]]؛ ئەم ڕاهێنانانە بریتین لە: 1) خوێندنەوەی بەردەوام، بۆ نموونە، خوێندنەوەی بەردەوامی نامیلکەی فێرکارییەکان و ڕێساکان (بۆ ئێستا)؛ 2) ئەزموون و هەڵکۆڵینی کۆمەڵێک چەپەڵی کە دەشێت لە ژیاندا ڕوو بدەن، دەربڕینی ناسراوی *premeditation malorum* (بۆ پرسە ڕەخساوەکان)؛ 3) هەر بەیانییەک پێڕستکردنی ئەرکگەلێک کە دەبێت بە درێژاییی ڕۆژ ئەنجام بدرێن (بۆ داهاتوو)؛

---

[17]. present
[18]. actions and reactions
[19]. attitude

و لە کۆتاییدا، 4) ئەزموون و هەڵکۆڵینی شەوانەی ویژدان (زۆرتر بۆ ڕابردوو)[20]. وەک دەبینن، لە تەواوی ئەم ڕاهێنانانەدا خود وەک یەک هەرێمی دراوی سوبێکتیڤ[21] دەرک ناکرێت، دراوگەلێک کە دەبێت بدۆزرێنەوە یا کەشف بکرێن و ڕاڤە بکرێن. خود خۆی دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوە و دادگای کردە ڕەخساو یا واقیعییەکان، [[کردەکانی ڕابردوو یا داهاتوو]].

باشە، پاش هەڵکۆڵینی ویژدان، کە جۆرێک دانپێدانانە بۆ خۆ، دەمەوێت دەربارەی دانپێدانان بۆ ئەوانیتر بدوێم: مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم دەرخستنی ڕۆحی خۆ بۆ ئەویتر، ئەوی ترێک کە دەتوانێت یەک هاوڕێ یا ڕاوێژکار یا ڕێنیشاندەر بێت. ئەمە کردارێک بوو کە نەک لە ژیانی فەلسەفیدا، بەڵکە لە هەندێک لە قوتابخانە فەلسەفییەکاندا، بۆ نموونە، لە ئەپیکۆرییەکان و ڕەواقییەکاندا، گەشەی کرد. هەروەها ئەم کردارە یەک کرداری تەواو ناسراوی پزیشکی بوو. ئەدەبیاتی پزیشکی سەرشارە لەم جۆرە نموونانەی دانپێدانان یا دەرخستنی خود. بۆ نموونە، ***نامیلکەی نەهامەتییەکانی ڕۆح و هەڵەکانی***[22] بەرهەمی گالین نموونەیەکە لەم ئەدەبیاتە؛ یا پلوتارخس لە *De profectibus in virtute* دەنووسێت: «زۆرێک نەخۆش هەن کە دەرمان پەسەند دەکەن و نەخۆشەکانی تریش ئەم کارە ڕەت دەکەنەوە؛ مرۆڤ کە شەرمەزاریی ڕۆح، ئارەزوو، داهێزراوی، بەرچاوتەنگی و شەهوەتپەرستیی خۆی دەشارێتەوە، بەختێکی کەمی هەیە لە پێشکەوتندا. لە ڕاستیدا، قسەکردن لەسەر نەخۆشیی

---

[20]. فوکۆ بە تێروتەسەلی ئەم ڕاهێنانانە لە وانەوتاری ***هێرمنۆتیکی سوژە***دا، بە تایبەت لە وانەکانی سێیەم و بیست و چوارەمی مارسی 1982دا، توێژینەوە دەکات. بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 338-351, 444-454, 457-464.

[21] Subjective data.

[22] Gallien, *Traité des passions de l'âme et de ses erreures*, trad. Fr. R. Van Der Elst, paris, Delagrave, 1914.

فوکۆ بە تێروتەسەلی ***نامیلکەی نەهامەتییەکانی ڕۆح***ی گالین لە سەرەتای کاتژمێری دووەمی وانەی 10ی مارسی 1982 لە وانەوتاری ***هێرمنۆتیکی سوژە***دا شیکار دەکات. بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 378-382. هەروەها، بگەڕێنەوە بۆ: M. Foucault, *La Parrêssia*, Anabases, n16, 2012, p. 170-173 et SS, p. 72.

خۆ، چەپەڵیی خۆ ئاشکرا دەکات؛ پەسەندکردن و ناسینەوەی ئەم چەپەڵییە لە جیاتیی چێژبردن لە شاردنەوەی، نیشانەی پێشکەوتنە.»[23]

زۆر باشە، دەقێکی تری سێنیکا دەتوانرێت وەک نموونەیەک ڕەچاو بکرێت بۆ ئەو شتەی کە دانپێدانان بوو لە سەردەمی کۆنی دواییندا. ئەم دەقە دەستپێکی نامیلکەی ***ئارامیی ڕۆح***-ە. سێرینوس، هاوڕێی لاوی سێنیکا، دێتە لای سێنیکا و داوای پەند و ڕاسپاردەی لێ دەکات. ئەم کارە ڕێگەیەکی زۆر ڕوونیی ڕاوێژی پزیشکییە دەربارەی دۆخی ڕۆحی سێرینوس. سێرینوس بە سێنیکا دەڵێت: «بۆچی نابێت دان بنێم بە هەقیقەتدا بۆ تۆ، وەک چۆن دانپێدانان بۆ یەک پزیشک ئەنجام دەدەم؟ [...] من نە بە تەواوەتی نەخۆشم نە بە تەواوەتی تەندرووست.»[24] سێرینوس هەست دەکات لە دۆخی داهێزران و ناخۆشیدایە و ئەزموونی یەک دۆخی شەکەتی دەکات، یا بە دەربڕینێکی وردتر، بەو جۆرەی کە خۆی دەڵێت، وەک بڵێی کە لەسەر بەلەمێکە کە ناڕواتە پێش، بەڵکە بە ڕاتڵەکانی دەریا دەجووڵێت. و ئەو لەوە

---

[23]. Plutarque, *Des progrès* dans la vertu, 81 f-82 A, dans *CEuvres morales*, t. II-I, paris, Les Belles Lettres, 2003, p. 178.

«لەنێوان ئەو مرۆڤانەدا کە پێویستیان بە چاودێریی پزیشکییە کەسانێک کە بە هۆی ژانی ددانەوە یا ژانی پشتەوە ئازار دەکێشن دەستبەجێ خۆیان دەخە ژێر چاودێریی پزیشکییەوە؛ کەسانێک کە تایان هەیە دەیانبەنە سەردانی پزیشک و داوای هاوکاریی لە پزیشک دەکەن؛ بەڵام کەسانێک کە تووشی خەمۆکی، شێتی یا وڕێنە دەبن تەنانەت ناهێڵن پزیشکەکان بیانبینن؛ ئەم کەسانە پزیشکەکان لە خۆیان دوور دەخەنەوە یا لێیان هەڵدێن و ترسناکیی نەخۆشییەکەیان تەنانەت ڕێگری ئەوەیە کە تێبگەن نەخۆشن. بەم شێوەیە، لە پێڕی ئەو مرۆڤانەن کە لە هەڵەدا ژیان بەسەر دەبەن. کەسانێکی چارەسەرنەکراو هەن کە خەسڵەتێکی بە توندی دوژمنانەیان لەگەڵ ئەو تاکانەدا هەیە کە هەڵەکانی خۆیان نیشانی ئەوان دەدەن یا ئەوانە سەرزەنشت دەکەن و ئەمانە بە توندوتیژی دوور دەخەنەوە. و لە بەرامبەردا، کەسانێک هەن کە ڕەفتارێکی نەرمتریان هەیە و ئەم جۆرە کەسانە پەسەند دەکەن و ڕێگە دەدەن نزیکیان بکەونەوە. هەندێکجار، کاتێک کە لە هەڵەداین سپاردنی خۆمان بە دەست کەسانێک کە ناچارمان دەکەن ئەم هەڵەیە پەسەند بکەین، گوتنی ئەو شتەی کە هەستی پێ دەکەین بە ئەوان، ئاشکراکردنی ئەو شتەی کە خراپەیە لە ئێمەدا بۆ ئەوان، شاد و دڵخۆشنەبوون لەمەی کە لەسەر هەڵەین بەبێ ئەوەی کە ئەوان ئەم هەڵەیە ببینن، خۆشحاڵنەبوون لەمەی کە هیچ کەس نازانێت بە هەڵەبوونمان، بەڵکە دانپێدانان بە هەڵەدا و هەستکردن بە پێویستبوون بە یەک مرۆڤ کە وەک مامۆستا بەشداری بکات و لێپرسینەوەمان لەگەڵدا بکات، هەموو ئەمانە ناتوانن نیشانەیەکی بێنرخی و بێبەهاییی پێشکەوتن بێت.»

[24]. Sénèque, *De la tranquillité de l'âme*, 1, 2, dans *dialogues*, t. IV, op. cit., p. 71.

بۆ ڕاڤەکانی تری فوکۆ دەربارەی ***ئارامیی ڕۆح***، بەرهەمی سێنیکا، بگەڕێنەوە بۆ:

GV, p. 235; MFDV, p. 97-101; HS, p. 86, 126-129, 150-151; *fearless Speech*, op. cit., p. 150-160.

دەترسێت کە لەم جۆرە دۆخەدا لە دەریادا بمێنێتەوە، لە کاتێکدا کە ئارەزووی مەزرا و فەزیلەتگەلێکی هەیە کە دەستپێڕانەگەیشتوو دەمێننەوە. کەواتە، بۆ هەڵهاتن لەم دۆخە، سێرینوس بڕیار دەدات کە دان بنێ بە هەقیقەتدا بۆ سێنیکا و دان بنێ بەوەدا کە هەستی پێ دەکات. ئەو دەڵێت کە *verum fateri*ی دەوێت، واتە گوتنی هەقیقەت.[[بەڵام، بەم دانپێدانانە و بە وەسفکردنەی دۆخی خۆی، داوا لە سێنیکا دەکات کە هەقیقەت دەربارەی خۆی بە ئەو بڵێت: سێرینوس لە یەک کاتدا هەم دان دەنێت بە هەقیقەتدا و هەم لە هەقیقەت بێ بەهرەیە]].

ئێستا ئەم هەقیقەتە چییە، ئەم *verum*ـە چییە کە سێرینوس دەیەوێت دانی پێدا بنێت؟ ئایا ئەو دان دەنێت بە هەڵەکان، بە ئەندێشە شاراوەکان، بە ئارەزووە شەرمهێنەرەکان، و بە شتگەلێکی لەم جۆرەدا؟ بە هیچ شێوەیەک. دەقەکەی سێرینوس لە کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک وردەکاریی تا ڕادەیەک ناگرنگ پێک هاتووە، یا لانیکەم لە دیدی ئێمەدا ناگرنگ؛ بۆ نموونە، سێرینوس دان بەوەدا دەنێت بۆ سێنیکا کە سوود لە دەفرەکانی چێشتخانە وەردەگرێت کە لە باوکییەوە بە میرات بۆی ماوەتەوە، لە کاتی پێشکەشکردنی وتاردانە گشتییەکاندا زوو لە هۆش خۆی دەچێت و هتد. بەڵام لەژێر ئەم نارێکی و شێواوییە ڕواڵەتییەدا بە ئاسانی دەتوانرێت سێ پانتاییی جیاکار لەم دانپێدانانەدا بناسرێتەوە: پانتاییی سامان، پانتاییی ژیانی سیاسی و پانتاییی شکۆ و شانازی؛ بەدەستهێنانی سامان، بەشداریکردن لە کاروبارەکانی شاردا، بەدەستهێنانی بەهای گشتی. ئەمانە سێ جۆری چالاکیی بەردەست بوون بۆ یەک پیاوی ئازاد، سێ جۆری پرسیاری ئەخلاقیی برەودار کە قوتابخانە فەلسەفییە گرنگەکانی ئەو سەردەمە گەلاڵەیان دەکردن. کەواتە چوارچێوەی شرۆڤەی سێرینوس نەک لە ڕێگەی ڕەوتی واقیعیی بوون[25]ـەکەیەوە، نەک لە ڕێگەی ئەزموونە واقیعییەکانییەوە، نەک لە ڕێگەی

---

[25]. existence

یەک تیۆریی ڕۆح یا توخمەکانییەوە، بەڵکە تەنها لە ڕێگەی یەک پۆلێنبەندی جۆرە جیاوازەکانی چالاکییەوە پێناسە دەکرێت، جۆرگەلێک کە مرۆڤ دەتوانێت ئەنجامیان بدات و ئامانجگەلێک کە دەتوانێت شوێنیان بکەوێت. لە هەر یەکێک لەم پانتاییانەدا، سێرینوس لە ڕێگەی ژماردنی ئەو شتەوە کە خۆشی پێ دەبەخشێت و ئەو شتەوە کە ناخۆشی پێ دەدات، ئیتۆس و هەڵوێستی خۆی ئاشکرا دەکات. دەربڕینی «ئەم شتە خۆشیم پێ دەدات [*placet me*]» هێڵی ڕێنیشاندەرە لە شیکاری سێرینوسدا[26]. ئەو خۆشی لەوە دەبات کە خزمەت بە هاوڕێیانی بکات؛ و چێژ دەبات لە بەسادەیی خۆراک خواردن، و لەمەی کە سامان و موڵکەکانی جگە لەوەی کە بە میرات بۆی ماوەتەوە هیچ نین، بەڵام لە هەمان کاتدا چێژیش لە تەماشاکردنی شتە ڕازاوەکان لای ئەوانی تر دەبات. ئەو هەروەها لە زێدەڕۆیی لە سەبکی وتاردانەکەی خۆشی دەبات بەم هیوایەی کە کەسانی داهاتوو وتەکانی بەبیر بهێننەوە. سێرینوس، بە وەسفکردنی ئەو شتەی کە خۆشی و چێژی پێ دەدات، بەدوای ئەوەدا ناگەڕێت کە ئارەزووە قووڵەکانی ئاشکرا بکات. خۆشی و چێژەکانی ئەو ئامرازێک نین بۆ ئاشکراکردنی ئەو شتەی کە مەسیحییەکان دواتر پێی دەڵێن نەفسپەرستی[27]. مەبەست لەم چێژ یا خۆشییانە دۆخی تایبەتی ئەوە، و هەروەها سەربارکردنی شتێکە بۆ سەر مەعریفەی ڕێسا ئەخلاقییەکان. ئەم سەربارکردنە بۆ سەر ئەو شتەی کە پێشوەخت ناسراوە یەک هێزە، هێزێک کە دەتوانێت مەعریفەی پەتی و ئاگایی ڕووت بگۆڕێت بۆ یەک شێوازی واقیعیی ژیان. [[مەبەست لەم چێژ و خۆشیانە ئاماژەیەکی تا ئاستی شیاو وردە بۆ ئەو شتەی کە سێرینوس هێشتا هۆگریەتی و ئەو شتەی کە دەستی لێ بەرداوە، ئاماژەیە بۆ ئەو شتەی کە ئەو ڕزگار بووە لێی، و ئاماژە بۆ شتگەلێکی دەرەکی

26. Cf. Sénèque, *De la tranquillité de l'âme*, I, 5-15, op. cit., p. 72-74.
27. *concupiscensia*

که ئەو وابەستەیە پێیانەوە. [*verum fateri* گوتنی هەقیقەت] کە ئەو مەبەستییەتی ئەنجامی بدات، تیشک خستنە سەر نهێنییە قووڵەکان نییە، بەڵکە بەپێی پەیوەندیگەلێکە کە ئەو دەبەستێت بە شتگەلێکەوە و بەند دەکات و ئەو دەسەڵاتی بەسەر ئەم شتانەدا ناشکێت. ئەمە جۆرێک دانانی ئازادییە لە چوارچێوەی ڕێسای کردەکاندا. ژماردنی هەڵەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکە یەک پێڕستی وابەستەییەکانە]]. و سێنیکا کاتێک کە سوود لە کۆمەڵەیەکی بەڵگەهێنانەوە، هۆکارەکان، نموونە قەناعەتپێکەرەکان وەردەگرێت، هەوڵ نادات کە هەقیقەتێکی هێشتا نەناسراو لە قووڵاییی ڕۆحی سێرینوسدا بدۆزێتەوە و کەشف بکات، بەڵکە هەوڵ دەدات ڕوونی بکاتەوە کە هەقیقەت بە گشتی تا چ ئاستێک ڕاستەقینەیە. ئامانجی گوتاری سێنیکا ئەمە نییە کە هێزێکی ناچارکەر کە لە شوێنێکی ترەوە سەرچاوەی گرتووە سەربار بکات بۆ سەر هەندێک لە پرەنسیپە تیۆریکییەکان، بەڵکە ئامانجی گوتاری سێنیکا ئەمەیە کە پرەنسیپە تیۆریکییەکان بگۆڕێت بۆ هێزێکی توانامەند و سەرکەوتوو. سێنیکا دەبێت شوێنێک بداتە هەقیقەت، هەقیقەت وەک یەک هێز.[28]

---

[28]. تێگەی «هەقیقەت وەک هێز» لە ئەندێشەی فوکۆدا بە دڵنیاییەوە تێگەیەکی تازە نییە. بۆ نموونە، بگەڕێنەوە بۆ:
LVS, p. 71-74, 81-84; *Il faut défender la société*. Cours au College de France, 1975-1976, éd. M. Bertani et A. Fontana, paris, Seuil-Gallimard, 1997, p. 45-46; GV, p. 37-38, 98-99 ; MFDV, p. 17.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم تێگەیە لێرەدا لە زمانێکی جیاوازدا و لە چوارچێوەیەکی تازەدا دەخرێتە ڕوو و توێژینەوە دەکرێت، و دەستبەجێ لە وانەوتاری ڕیازەت [*askêsis*] لە سەردەمی کۆندا، فوکۆ وەک یەک «کرداری هەقیقەت» وەسفی دەکات، واتە کۆمەڵەیەکی ڕاهێنانگەلێک کە ئامانجەکەیان بریتییە لە «چاککردنی بوونی سوژە» و پێکهێنانی سوژە «وەک ئامانجی کۆتایی بۆ خودی خۆی لە ڕێگەی هەقیقەتەوە و بە ڕاهێنانی هەقیقەت». ئەو لەم وانەوتارەدا دەڵێت کە ئەگەرچی دەبێت «ئەم هەقیقەتە کاریگەریی بخاتە سەر سوژە»، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا (جیاواز لە مەسیحییەت) گرفت ئەمە نییە «کە سوژە بگۆڕێت بۆ ئۆبژەی گوتاری هەقیقەت». تێگەی [*paraskeuê*ئامادەسازی، تەیارکردن] بە ڕاستی هەر ئەمەیە: فوکۆ ڕوونی دەکاتەوە کە ئامانجی ڕیازەت لە سەردەمی کۆندا تەیارکردن و ئامادەسازیی سوژەیە بۆ ئەوەی کە بتوانێت هەمان سات وەڵامی ڕووداوەکانی ژیان بداتەوە، و ئەم تەیارکردنە لە لایەن [*logoi*گوتارەکان]ـەوە پێک هێنراوە، گوتارگەلێک کە لە ڕاستیدا «ئەو نەخشەبەندییانەن کە کردە دەچێنن و بەها و کارایی خەسڵەتی چاندنیان بە جۆرێکە کە لە ساتی حزووریانەوە- حزوور لە سەر و ئەندێشە و دڵ و جەستەی کەسێکدا کە ئەو گوتارانەی لە بەردەستدایە- تاک بە چەشنێکی خودکار کردە دەنوێنێت. وەک بڵێی کە ئەم [logoiگوتارەکان]ن کە بەرە بەرە بە پێکهێنانی جەستە، عەقڵ، ئازادی و ویستی تاک، بۆ ئەو تاکە قسە دەکەن تا هەم پێی بڵێن کە چ کارێک دەبێت ئەنجام بدات هەم ئەو شتەی زەرووریە بەرمەبنای شێوازی عەقڵانییەتی زەرووری بە ڕاستی ئەنجام بدات». بەم شێوەیە، فوکۆ ئاکامگیری دەکات کە

[[بەڵام دەبێت سەرتر بچین. سێرینوس نەک تەنها بۆ دەرخستنی دۆخی ڕاستەقینەی ڕۆحی، بەڵکە بۆ ئەوە دانپێدانان ئەنجام دەدات کە لە سێنیکاوە هەقیقەت دەربارەی خۆی وەربگرێت. بەڵام ئەمە چ جۆرە هەقیقەتێکە کە سێرینوس پێویستی پێیەتی، و داوا لە سێنیکا دەکات کە بۆی ئاشکرا بکات؟ ئایا یەک دەستنیشانکردنە؟ ئەم هەقیقەتە لە ڕاستیدا هەمان شتێکە کە سێرینوس دەیڵێت و هەمان شتێکە کە سێنیکا بە سێرینوسی دەدات. و ئەم دەستنیشانکردنە بریتی نییە لە ڕاگەیاندنی ئەمەی کە «تۆ ئەمەیت» و «نەخۆشییە شاراوەکان کە ئازاری تۆ دەدەن ئەمانەن». سێنیکا بەم وتەیە بەسندە دەکات کە: «پێت وانەبێت کە یەک نەخۆشی چارەسەرنەکراویت. تۆ نەخۆشێکی پێشوویت کە ئاگادار نییە چارەسەر کراوە.» سێنیکا یارمەتیی سێرینوس دەدات کە لە یەک ڕێگەدا جێ بگرێت، ڕێگەیەک کە بڕیارە سێرینوس بەرەو کێڵگەی فەزیلەتەکان ڕێنمایی بکات؛ ئەو بەوردی ئەم دۆخە ڕۆشن دەکاتەوە. بەڵام، وەک دەبینن، ئەم دەستنیشانکردنە لە خۆیدا یەک شیکارکردنی زۆر کورتە. ئەمە تەنها بەشێکی زۆر کورتی ئەو شتەیە کە سێنیکا دەیڵێت، و کتێبی ***ئارامیی ڕۆح*** زۆر زیاتر لەمە دەڵێت. سێنیکا لەم نامیلکەیەدا چ جۆرە وەڵامێک بۆ پێویستییەکانی سێرینوس دەداتەوە؟ فەلسەفەیەکی تیۆرتیکی؟ بە هیچ شێوەیەک. شرۆڤەیەکی تازەی ڕێسا و فێرکارکارییە ئەخلاقییەکان؟ ڕوونە کە سێرینوس پێویستی بەم شرۆڤەیە نییە. سێرینوس لە دانپێدانانی خۆیدا نیشانی داوە کە پرەنسیپە گرنگە ئەخلاقییەکان زۆر باش دەناسێت، پرەنسیپگەلێک کە بۆ یەک ژیانی فەلسەفی زەروورییە. هەقیقەتی جێ مەبەستی سێرینوس مەعریفەیەکی

---

[askêsisڕیازەت] لە سەردەمی کۆندا «گوتنی هەقیقەت دەگۆڕێت بۆ یەک شێوازی بوونی سوژە»: مانا و کارکردی بنچینەیی ڕیازەت دابینکردنی «سوبێکتیڤبوونی گوتاری هەقیقەت»ـە. بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 233, 303-313 et 316؛ [هەروەها، بگەڕێنەوە بۆ وتاری «تەکنیکەکانی خود» لە: م. فوکۆ، ***شانۆی فەلسەفە***، ل. 532-534]؛ و
L’éthique du souci de soi comme pratique de la «, art. Cit., p. 1238; »L’écriture de soi« , enttretien cit., p. 1532.»libérté

لەگەڵ ئەمەشدا، جێی خۆیەتی جەخت بکەینەوە کە لە تەواوی ئەم دەقانەدا تێگەی «هەقیقەت وەک هێز» ئیتر نابینرێت.

تەواوکەر نییە، بەڵکە شتێکە کە سەربار دەکرێت بۆ سەر ئەو مەعریفەیەی کە هەیەتی، سەربار دەکرێت بۆ سەر مەعریفەی دۆخی ئەو و مەعریفەی ڕێسا ئەخلاقییەکان. ئەم سەربارکردنە بۆ سەر ئەو شتەی کە پێشوەخت ناسراوە مەعریفەیەک نییە، بەڵکە یەک هێزە، هێزێک کە دەتوانێت مەعریفەی پەتی و ئاگاییی ڕووت بگۆڕێت بۆ یەک ڕێگەی واقیعیی ژیان. و ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە سێنیکا هەوڵ دەدات ئەنجامی بدات، هەمان شتێک کە دەیگوازێتەوە بۆ سێرینوس کاتێک کە کۆمەڵەیەکی بەڵگەهێنانەوەکان، سەلماندنەکان و نموونەگەلێکی قەناعەتپێکەرانە بەکار دەهێنێت، ئەڵبەتە نەک بۆ هەقیقەتێکی هێشتا نەناسراو لە سێرینوسدا، بەڵکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەی کە تا چ ئاستێک ئەم هەقیقەتە ڕاستەقینە و دروستە. ئامانجی گوتاری سێنیکا ئەمە نییە کە هێزێکی ناچارکەر کە سەرچاوەکەی لە شوێنێکی ترە سەربار بکات بۆ هەندێک لە پرەنسیپە تیۆرتیکییەکان، بەڵکە ئامانجی گوتاری سێنیکا گۆڕینی هەقیقەتە بە هێزێکی بەرپێنەگیراو و تواناداری. سێنیکا دەبێت شوێنێک بداتە هەقیقەت وەک یەک هێز[29]]].

لێرەدا، پاش ئەوەی کە پێشکەش کرا، پێم وایە چەند ئاکامێک هەیە. 1) وەک دەبینن، لەم گەمەی نێوان دانپێدانانی سێرینوس و ڕاوێژی سێنیکادا، هەقیقەت بەپێی هاودەقی لەگەڵ

---

[29]. پییەر ئادۆ، لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی ***فەلسەفەی کۆن چییە؟***، ئاماژە بەوە دەکات کە سێنیکا لە پێشوتاری کتێبی ***ئارامیی ڕۆح***دا وتەیەک لە هاوڕێکەی، واتە لە سێرینوسەوە دەگوازێتەوە کە، بە باوەڕی ئادۆ، جۆرێکە لە دانپێدانان: «کاتێک کە بە باشی دەڕوانمە خۆم کۆمەڵێک کەمیی ئاشکرا لە خۆمدا دەدۆزمەوە کە دەتوانم بە پەنجەکانم لەمسیان بکەم، خەوشگەلێکی ترم هەیە کە لە شوێنە قووڵەکاندا شاراونەتەوە، دواجار کۆمەڵێک کەموکورتی کە هەمیشەیی نین، بەڵکە جار جار دەردەکەون... حاڵەتێک کە زۆربەی جار دەمخاتە سەرسوڕمانەوە (دەسا بۆچی لە بەرامبەر تۆدا هەروەک لای پزیشک دانپێدانان بەجێ نەهێنم!) ئەمەیە کە نە بە ڕاستی لە ترس و نەفرەتی ڕابردوو ڕزگارم بووە و نە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی ترس و نەفرەتی ڕابردوودام.» وەک دەبینین، سێرینوس تەواوی گومان و خەوشەکانی خۆی بۆ سێنیکا ئاشکرا دەکات، بەڵام ئەمە ئامانجی سێنیکا نییە؛ چون ئەو دەیەوێت چاکە لەگەڵ هاوڕێکەیدا بکات. کاتێک مرۆڤ دەیەوێت چاکە لەگەڵ کەسێکدا بکات، نییەتی چاکەکردن تەنها لە حاڵەتێکدا پاکە کە خۆبەخۆ ناهۆشیار بێت. چاکەکاری ڕاستەقینە کەسێکە کە خۆی نازانێت چی دەکات. چاکەکار بە نائاگایانە چاکە دەکات. لێرەدا پارادۆکس دەگاتە ئەوپەڕی خۆی: ویستی چاکەکردن ئەوەندە توندە کە ویستن لەناو دەبات. بگەڕێنەوە بۆ: ***فلسفه باستانی چیست؟*** پیِیر أدو، ترجمەی دکتر عباس باقری، ص 282. (و. کوردی)

واقیعییەتدا[30] پێناسە ناکرێت، بەڵکە وەک یەک هێزی جیانەکراوە لە پرەنسیپەکان پێناسە دەکرێت، هێزێک کە دەبێت لە یەک گوتاردا گەشە بکات. 2) ئەم هەقیقەتە شتێک نییە کە لە پشتەوەی ئاگایی یا لەژێر ئاگاییدا و لە قووڵترین و تاریکترین بەشی ڕۆحدا شاراوە بێت، بەڵکە شتێکە کە لە بەرامبەر تاکدا وەک یەک پنتی ڕاکێشان[31]ـە، جۆرێک هێزی موگناتیزی کە تاک ڕادەکێشێت بۆ ئامانجێک. 3) ئەم هەقیقەتە لە ڕێگەی هەڵکۆڵینی شیکارییانەی ئەو شتەوە بە دەست نایێت کە لە تاکدا بە واقیعی گریمانە دەکرێت، بەڵکە لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی ڕەوانبێژانەی ئەو شتەوە بە دەست دێت کە بۆ هەر کەسێک کە دەیەوێت نزیک بکەوێتەوە لە ژیانی دانا بەسوود و چاکە. 4) ئەم دانپێدانانە بەرەو تاکسازیی سێرینوس، [[واتە تاکسازیی قوتابی]]، ڕێنمایی ناکرێت لە ڕێگەی دۆزینەوەی هەندێک لە تایبەتمەندییە کەسییەکانەوە، بەڵکە بەرەو پێکهێنانی یەک خود ڕێنمایی دەکرێت، خودێک کە دەتوانێت لە یەک کاتدا و بەبێ هیچ دابڕانێک، سوژەی مەعریفە و سوژەی ویست بێت. 5) [[ئەگەر ڕۆڵی دانپێدانان و ڕاوێژ ئەمەیە کە شوێنێک بە هەقیقەت وەک هێز بدات، کەواتە بە ئاسانی دەتوانین تێبگەین کە خود-هەڵکۆڵین یا تاقیکردنەوەی خود تا ڕادەیەک هەمان ڕۆڵی هەیە. بینیمان کە سێنیکا لەبەر ئەوە هەموو شەوێک هەڵەکانی بیر دەهێنێتەوە کە ڕێسا ئەخلاقییەکانی ڕەفتار بە یادگە بسپێرێت، و یادگە کاتێک کە حزوورێکی هەمیشەیی و چالاکی لە ڕۆحدا هەیە جگە لە هێزی هەقیقەت هیچ نییە. یەک بیرەوەریی هەمیشەیی لە تاکدا و لە گوتاری ناوەکیی تاکدا، یەک ڕەوانبێژیی قەناعەتپێکەر لە ڕاوێژ، ئامۆژگاری و پەندی مامۆستادا- ئەمانە لایەنەکانی هەقیقەتن کە وەک یەک هێز دادەنرێن. کەواتە، دەتوانین ئاکامگیری بکەین کە تاقیکردنەوەی خود یا خود-هەڵکۆڵین و دانپێدانان دەتوانرێت لە

---

30 .correspondence to reality.هاوتابوون لەگەڵ واقیعییەت ؛

31. Point of attraction

فەلسەفەی کۆندا بە یەک گەمەی هەقیقەت، بە یەک گەمەی گرنگی هەقیقەت هەژمار بکرێت[32]، بەڵام ئامانجی ئەم گەمەیەی هەقیقەت دۆزینەوەی واقیعییەتێکی شاراوە نییە لەناو تاکدا. ئامانجی ئەم گەمەیەی هەقیقەت گۆڕینی تاکە بۆ شوێنێک کە هەقیقەت بتوانێت تێیدا دەربکەوێت و وەک هێزێکی واقیعی لە ڕێگەی حزووری بیرەوەری و کارایی گوتارەوە کردە بنوێنێت یا کار بکات]]. دەتوانین ببینین کە کرداری خود–هەڵکۆڵین و دانپێدانان لە چوارچێوەی ئەو شتەدا دەمێنێتەوە کە یۆنانییەکان بۆ ماوەیەکی درێژخان بە *gnômê*[یەکێتیی مەعریفەت و ویست، بڕگەی کورتی گوتار]ناویان دەبرد[33]. زاراوەی *gnômê*بە یەکێتیی ویست و مەعریفە

---

[32]. فوکۆ لە یاداشتێکدا کە بۆ پێشەکیی «فوکۆ» لە ***فەرهەنگنامەی فەیلەسوفان*** دەینووسێت، «گەمەکانی هەقیقەت» وەک یەک کۆمەڵەی «ڕێساکان» وەسف دەکات «کە [بەپێی ئەم ڕێسایانە] ئەوەی کە سوژەیەکی دیاریکراو دەتوانێت دەربارەی شتگەلێکی دیاریکراو بیڵێت بەستراوە بە پرسیاری هەقیقەت و درۆوە». بگەڕێنەوە بۆ: M. Foucault, *Foucault*, dans DE II, n345, p. 1452.

هەروەها، بگەڕێنەوە بۆ:

M. Foucault, «L'éthique du souci de soi comme pratique de la libérté», entretien cit., p. 1544.

لە وانەوتاری 1979-1980 لە کۆلێژ دو فرانس، چەمکەکانی «گەمە» و بە تایبەت «سیستەمی هەقیقەت» گرنگییەکی کاربڕ و یەکلاکەرەوە وەردەگرن، چون فوکۆ لە ڕێگەی ئەم چەمکانەوەیە کە مەسیحییەتی سەدە یەکەمینەکان شیکار دەکات. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 81-84, 99. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شتەی کە فوکۆ لەوە بەدواوە وەک مەبەستی «سیستەمی هەقیقەت» ڕەچاوی دەکات، بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 91-99. لە بەرامبەردا، بۆ یەکەمین پێناسەیی جیاوازی «سیستەمی هەقیقەت»، بڕوانن بۆ:

M. Foucault, «La function politique de l'intellectuel», dans DE II, n184, p. 112.

لە کۆتاییدا، بۆ شیکارییەکی دانپێدانان وەک کردەی گوتەیی و «سیمای تا ڕادەیەک بێگانەی گەمەکانی زمان»، بگەڕێنەوە بۆ: MFDV, p. 4-10.

[33]. فوکۆ پێشتر لە وتاری [*Le savoir d'CEdipe*مەعریفەتی ئۆدیپۆس] لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کە دوو جار لە 1972 پێشکەشی کرد، دەربارەی *gnôme* قسە دەکات؛ لە ڕاستیدا لە [*CEdipe roi*شا ئۆدیپۆس] بەرهەمی سۆفۆکلیسدا *gnôme* و *techné*خەسڵەتی بنەڕەتیی مەعریفەت و دەسەڵاتی ئۆدیپۆسە، چون بە هۆی ئەم gnômeەوەیە کە ئۆدیپۆس ڕایدەگەیێنێت کە مەتەڵی سفینکسی ئاشکرا کردووە. کەواتە فوکۆ ڕوونی دەکاتەوە کە *gnôme* جیاکار و جیاوازە لە شێوازێکی مەعریفەت کە فێربوونی شتێکە لە کەسێکەوە؛ بە پێچەوانە، *gnôme* مەعریفەتێکە کە «هیچ شتێک لە هیچ کەسێک فێر نابێت». بگەڕێنەوە بۆ:

M. Foucault, «Le savoir d'CEdipe», dans LVC, p. 239-240.

هەروەها، بگەڕێنەوە بۆ:

M. Foucault, «La vérté et les formes juridiques», conférences cit., p. 1434.

فوکۆ لە وانەی 23ی ژانویەی 1980 لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان***، بە تێروتەسەلییەکی زیاترەوە و هەمیشە لە زەمینەی خوێندنەوەی ***شا ئۆدیپۆس***دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم تێگەیە: *gnôme* واتە «عەقیدە، ڕا، شێوەی بیرکردنەوە، ڕێگەی قەزاوەتکردن»، جیاواز لە مەعریفەتێکی بەدەستهێنراو پاش گەڕان یا دۆزینەوەی هەقیقەت. بە دەربڕینێکی وردتر، «*gnôme* وشەیەکی تەکنیکییە کە بەشێکە لە زمانی سیاسی-یاسایی یۆنان لە سەدەی پێنجەمدا»، و

دەوترێت؛ هەروەها ئەم زاراوەیە بە بڕگەی کورتی گوتارەکان دەوترێت- یەک ڕستە یا چەند نیوە دێڕێک- کە لە ڕێگەیەوە هەقیقەت بە تەواوی هێزی خۆیەوە دەردەکەوێت و لە ڕۆحی خەڵکی و لە ڕۆحی تاکە ئاساییە بەرمەرگەکاندا لەنگەر دەگرێت. [[لە فۆرمە سەرەتاییەکانی فەلسەفەی یۆناندا، شاعیرەکان و پیاوانی خودا لە ڕێگەی ئەم جۆرە *gnômê*ـەوە، لە ڕێگەی *gnômai*ـەوە[34]، هەقیقەتیان بۆ خەڵکی سادەی بەرمەرگ دەردەبڕی؛ *gnômai* ڕستەگەلێکی زۆر کورت، زۆر فەرماندەرانە و ئەوەندە بە قووڵی ڕووناککەرەوە بە ڕووناکیی شاعیرانە بوو کە لەبیرکردنیان و هەڵهاتن لە دەسەڵاتیان مەحاڵ بوو. زۆر باشە، بە باوەڕی من، ئێوە دەتوانن ببینن کە خود-هەڵکۆڵین و دانپێدانان- بەو جۆرەی کە دەتوانن، بۆ نموونە، لە ئەندێشەی سێنیکا، و هەروەها لە ئەندێشەی مارکۆس ئۆرلیۆس، ئەپیکتەتۆس و ئەوانیتردا و دواتر تەنانەت لە سەدەی یەکەمی زاییندا- خود-هەڵکۆڵین و دانپێدانان هێشتا جۆرێک گەشە و پەرەسەندنی *gnômai* بوو]]. کەواتە،

---

ئاماژەیە بە عەقیدەیەک کە هاووڵاتی ناچار دەبێت لە ڕەوتی یەک ڕاپرسیی سیاسیدا یا یەک داوای یاساییدا دەری ببڕێت. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 55 et 66. دەربارەی ئەم تێگانە و وەک سەرچاوەی ڕەخساوی ئەم وتانەی فوکۆ، بگەڕێنەوە بۆ:

J.-P. Vernant et P. Vidal-Naquet, *Mythe et tragédie en Grèce ancienne*, paris, F. Maspero, 1972 ; repris dans J.-P. Vernant, *CEvres, religions, rationalités, politiques*, paris, Seuil, 2007, t. I, p. 1102, 1147, 1156, 1160.

لەگەڵ ئەمەشدا، لەم وتارانەدا وا دەردەکەوێت کە فوکۆ ڕاڤەیەکی جیاوازی *gnôme* پێشکەش دەکات: «یەکێتیی ویست و مەعریفە» لە هەمان کاتدا «یەک بڕگەی کورتی گوتار کە لە ڕێگەیەوە هەقیقەت بە هێزی خۆیەوە دەردەکەوێت و لە ڕۆحی خەڵکیدا لەنگەر دەگرێت». بە ڕێگەیەکی هاوشێوە فوکۆ لە وانەی ٦ی مارسی ١٩٨١ لە وانەوتاری لۆوڤەین، وشەی *gnôme* (لە زەمینەی ڕێنمایی ویژدان لە سەردەمی کۆندا) دەخاتە ڕوو، و ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم وشەیە هەم ئاماژەیە بە مەعریفە هەم بە دەستوور، هەم بە هەقیقەت هەم بە ڕێسا. بگەڕێنەوە بۆ: MFDV, p. 130. هەر لەبەر ئەمەیە کە لە وانەوتاری ***هێرمنۆتیکی سوژە***دا، هەرچەندە وشەی *gnôme* بەکار نەهاتووە، بەڵام دەتوانین گومان بکەین کە ئەم وشەیە جێی مەبەستە ئەویش کاتێک کە فوکۆ لە کاتژمێری یەکەمی وانەی ١٧ی شوباتی ١٩٨٢ دەربارەی «ڕاسپاردە دراوەکان بە مامۆستا لە کاتی *یەکەمین وانەکان بۆ لوسیلیوس*» قسە دەکات، و سێنیکا تێیدا ڕاهێنانی چاودێری و قووڵبوونەوە بە لوسیلیوس ڕادەسپێرێت و ئەم ڕاهێنانە «لە ڕێگەی ڕێگایەکی کولتورییەوە کە مەعریفەت بە شێوەیەکی گشتی لەبەرچاو دەگرێت ئەنجام نادرێت»، بەڵکە زیاتر «بەپێی تەکنیکێکی ئێجگار کۆنی یۆنانی»یەوە ئەنجام دەدرێت، «بە دەستپێکردن لە ئەحکامەکان، بە دەستپێکردن لە پێشنیارگەلێک کە هەم دەربڕینی هەقیقەتن هەم دەرکردنی حوکمەکان، هەم ئاشکراکردن یا ڕاگەیاندن هەم حوکم». بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 250.

[34]. *gnômai* کۆی *gnôme*یە کە بە مانای بڕگەی کورتی گوتار یا ڕستەی کورتیش دێت.

دەتوانین بڵێین کە دواتر تەنانەت لە سەدەی یەکەمی زاییندا، ئەو جۆری سوژەیە [[و ئەو جۆری «خود»ـەی]] کە فەیلەسوفەکانی سەردەمی کۆن- فەیلەسوفە یۆنانی و هیلینیستی و ڕۆمییەکان- وەک یەک مۆدێل و وەک یەک ئامانج پێشنیاریان دەکرد، خودی مەعریفەتمەند[35]ـە، خودێک کە تێیدا هێزی هەقیقەت دەبێت لەگەڵ فۆرمی ویستدا یەکێک بێت.

***

لە مۆدێلی خودی مەعریفەتمەنددا، چەندین توخمی پێکهێنەر دەدۆزینەوە: زەروورەتی گوتنی هەقیقەت دەربارەی خود، ڕۆڵی مامۆستا و گوتاری مامۆستا، ڕێگەیەکی دووروودرێژ کە لە کۆتاییدا ڕێنمایی دەکرێت بۆ دەرکەوتنی خود. تەواوی ئەم توخمانە لە تەکنەلۆژیای مەسیحیی خود[36]یشدا دەدۆزینەوە، بەڵام لەگەڵ ڕێکخستێکی زۆر جیاوازدا[37]. بە کورتی، و لێرەدا ئاکامگیری دەکەم، دەبێت بڵێم کە لە کردارەکانی خود-تاقیکردنەوە یا خود-هەڵکۆڵین و دانپێدانان لە فەلسەفەی هیلینیستی و ڕۆمیدا، خود شتێک نییە کە وەک یەک دەقی زۆر ناڕوون دەبێت بدۆزرێتەوە یا ڕەمزشکێنی بکرێت. ئەرک ئەمە نییە کە ناڕوونترین و تاریکترین بەشی بوون [[و «خود»مان]] ڕۆشن بکەینەوە. بە پێچەوانەوە، نابێت خود

[35]. gnomic self

[36]. the Christian technology of the self

[37]. بە باوەڕی فوکۆ، مەسیحییەت «میراتگر»ی چەند تەکنیکێکی «خود»ـە کە فەیلەسوفەکانی سەردەمی کۆن ئەم تەکنیکانەیان ڕێک و ڕەنگڕێژ کردبوون، بەڵام مەسیحییەت ئەم تەکنیکانە لە چوارچێوەیەکی جیاوازدا جێ دەکاتەوە، چوارچێوەیەک کە شێوازە نوێیەکانی پیادەکردنی دەسەڵات و فۆرمە تازەکانی دەرکێشانی هەقیقەت[لە سوژەوە] نیشان دەدات. کەواتە لەم زەمینەیەدا، تەکنیکەکانی خود لە ڕاستیدا کاریگەرییەکانی سوبێکتیڤبوون وەردەگرن کە جیاوازە لە تەکنیکەکانی سەردەمی کۆن، چون سوژەیەک دەرەخسێنن کە «تواناییەکانی بە شێوەیەکی شیکاریی دەناسێنرێن و دەستنیشان دەکرێن، سوژەیەک کە لە تۆڕە بەیەکەوەلکاو و بەردەوامەکانی گوێڕایەڵیدا دەکرێتە سوژەی ملپێکەچکراو، سوژەیەک کە بە دەرکێشانی ئەو هەقیقەتەی کە دەسەپێنرێت بەسەر ئەودا دەبێتە سوژە». بگەڕێنەوە بۆ: STP, p. 188.

بدۆزرێتەوە، بەڵکە دەبێت پێک بهێنرێت، دەبێت لە ڕێگەی هێزی هەقیقەتەوە پێک بهێنرێت. ئەم هێزە لە کوالێتیی ڕەوانبێژانەی گوتاری مامۆستادا شاراوەتەوە، و ئەم کوالێتییە ڕەوانبێژانەیە تا ئاستێک پەیوەستە بە دەرخستن و ئاشکراکردنی قوتابییەوە، قوتابییەک کە دەبێت ڕوونی بکاتەوە کە چۆن بەپێی پرەنسیپە ڕاستەقینەکان ژیان بەسەر ببات، پرەنسیپگەلێک کە ئەو باش دەیانناسێت. [[بە کورتی، خود دەبێت لە ڕێگەی هێزی هەقیقەتەوە پێک بهێنرێت؛ و ئەم هێزە لە توانایی بە-یادگە-سپاردنی تاک و کوالێتیی ڕەوانبێژانەی مامۆستادا شوێنی هەیە، و ئەم دوو تواناییە تا ئاستێک پەیوەستن بە هونەری یادگە و کردەی قەناعەتپێکردن[38]ەوە. بە شێوەیەک کە تەکنەلۆژیاکانی خود لە جیهانی کۆندا گرێ نەدراون بە هونەری ڕاڤەوە، بەڵکە پەیوەستن بە هونەرگەلێکی وەک تەکنیکی بە-یادگە-سپاردن و ڕەوانبێژییەوە. بەر لە مەسیحییەت، خود-موشاهەدەکردن[39]، خود-هەڵکۆڵین، خود-ڕاڤەکردن[40] و خود-هێرمنۆتیک[41] لە تەکنەلۆژیاکانی خوددا ڕۆڵیان نییە]]. و بە باوەڕی من، ئەم ڕێکخستنی خود وەک یەک ئامانج و مۆدێل، ڕێکخستنی ئەو شتەی کە من ناوی دەنێم خودی مەعریفەتمەند وەک ئامانج، وەک نیشانە، و خود-هەڵکۆڵین و دانپێدانان کە بە ئاڕاستەی ئەم خودە ڕێنمایی دەکرێن، شتێکە کە بەقووڵی جیاوازە لەو شتەی کە لە تەکنەلۆژیای مەسیحیی خوددا دەیبینین[42]. لە تەکنەلۆژیا مەسیحییەکانی خوددا،

---

[38]. the act of persuasion

[39]. self-observation

[40]. self-interpretation

[41]. self-hermeneutics

[42]. فوکۆ لە دووەمین کاتژمێری وانەی 24ی مارسی 1982 لە وانەوتاری **هێرمنۆتیکی سوژە**دا، دەڵێت کە ڕیازەتی فەلسەفی «بە هیچ شێوەیەک لە جۆری زوهدی مەسیحی نییە، زوهدێک کە کارکردەکەی لە بنچینەدا ئەمەیە کە دیاری بکات چاوپۆشیکردنە زەرورییەکان کە دەبێت ڕێنمایی بکرێن بۆ پنتی کۆتایی چاوپۆشیکردن لە خود و خۆگرتنەوە لە نەفس بە ڕیز کامانەن». بە پێچەوانەوە، ڕیازەتی فەلسەفی «یەک ڕێگەی تایبەتی پێکهێنانی سوژەی مەعریفەی ڕاستەقینەیە وەک سوژەی کردەی درووست»، سوژەیەک کە «خۆی پێک دەهێنێت لەناو یەک جیهاندا یا خۆی بە هاوبەستە و هاوژینی یەک جیهان [نیشان دەدات]، جیهانێک کە وەک یەک ئەزموون [test] دەرک دەکرێت، دەناسرێتەوە و پڕاکتیک دەکرێت». بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 465.

گرفت ئەمەیە کە ئەو شتە بدۆزینەوە و کەشف بکەین کە لە خوددا شاراوەیە؛ خود چەشنی یەک دەق یا چەشنی یەک کتێبە کە دەبێت ڕەمزشکێنی بکەین، و نەک شتێک کە دەبێت لە ڕێگەی هاودەقکردن و لەسەر یەک دانانەوە، واتە هاودەقکردنی ویست و هەقیقەت، پێک بهێنرێت. ئەم ڕێکخستنە، ئەم ڕێکخستنە مەسیحییە، کە زۆر جیاوازە لە ڕێکخستنی بتپەرستی، شتێکە کە بە باوەڕی من، بۆ جینالۆژیای خودی مۆدێرن[43] تەواو دیاریکەرە، و ئەمە ئەو خاڵەیە کە هەوڵ دەدەم هەفتەی داهاتوو کاتێک کە دووبارە یەکتری دەبینینەوە ڕوونی بکەمەوە.

سوپاستان دەکەم.

**سەرچاوەی وەرگێڕانی ئەم کتێبە:**

میشل فوکو، خاستگاه هرمنوتیک خود (سخرانیهادر کالج دارتموت 1980)، ترجمەی نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، چاپ اول، تهران، نشر نی، 1395.

Michel Foucault, About the Beginning of the Hermeneutics of the Self, Lectures at Dartmouth College 1980, translated by Graham Burchell, Edition Established by Henri-Paul Fruchaud and Daniele Lorenzini, the University Chicago Press, 2016.

Michel foucault, The Politics of Truth, translated by Lysa Hochroth and Catherine Porter, Edited by Sylvère Lotringer, Inrtoduction by John Rajchman, semiotext(e), Los Angeles, 2007, p. 147-169.

[43]genealogy of the modern self